بەرگری ئاسمانی عێراق فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکی لە ئاسمانی شاری کەرکووک تێکدەشکێنێت



لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی تورکی لە ناوەڕاستی شاری کەرکووک کەسێک بریندار بووە.

بەهۆی ڕووداوەکەوە ژمارەیەک خانوو لە گەڕەکی "تسعین" لە ناوەڕاستی شارەکە زیانیان پێگەیشتووە و زانیارییە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنەکە کەوتەخوارەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکی بووە.

تیمەکانی بەرگری شارستانی بەپەلە ئاگرەکەیان کوژاندەوە کە بەهۆی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکە لە شوێنی کەوتنەکەیدا دروست بوو.

لاشەی فڕۆکەکە لە شوێنی ڕووداوەکە بڵاوبووەتەوە و پۆلیسی کەرکووک دەڵێت: بەرگری ئاسمانی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی نەناسراوی خستووەتە خوارەوە کە هاتەتە ناو ئاسمانی پارێزگاکەوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە بۆ زانینی وردەکارییەکانی دوای ئەو ڕووداوە و سەرچاوەی ئەو فڕۆکەیە.